# ئاین و سیاسەت..ململانێ ی ئوسوڵییەکان

ن/محمد سماك
و/هێمن مەحمود

ئەو کاتەی کە تاوانە ڤێزەونەکەی نیویۆرک لە 11ی سێپتەمبەردا رویدا، (جێری فۆلۆیل)ی قەشەی ئوسوڵی ئینجیلی مەسیحی هیچ تەفسیرێکی بۆ ئەو رووداوە نەدۆزیوە تەنها ئەوەنەبێت کە وتی :(ئەوە سزای خوایە، چونکە گەلی ئەمریکی یاخین لە تەعالیمە ئیلاهیەکان).

بەرلەمردنیشی بە هەفتەیەك کەناڵی (cnn)ی ئەمریکی لە میانەی بەرنامەیەکدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا سازکرد و وتی :(پرۆسەی لەناوبردنی منداڵ ساڵانە دەبێتە هۆی لەناوچونی سەدان هەزار منالی ئەمریکی، ئەمەش کارێکە پێچەوانەی ویستەکانی خوایە، هەروەك چۆن مارەبڕینی سیکسیوالەکان لەیەکتری دژی خوا و بەها ئاینیەکانە، هەربۆیە خودا ئەم سزایەی بەسەر گەلی ئەمریکی دا هێنا ئەویش وەك ئاگادارکردنەوەیەك تاوەکو بگەڕێینەوە سەر حەق و راستی).

پێشتریش سەرۆکی بزوتنەی قاعیدە (بن لادن) و جێگرەکەشی (زەواهیری) چەندین جار و لە چەندین بۆنەدا ئەوەیان دوپاتکردۆتەوە کە خودا لەگەڵ ئەوانەدا بوو کە ئەو چالاکیەیان ئەنجامدا و ئەنجامەکەی کوشتنی زیاتر لە 3 هەزار مرۆڤی بێتاوانی لە هەموو ئاین و رەگەزەکان لێکەوتەوە، و ئەگەر یارمەتیدانی خوداش نەبوایە ئەو پرۆسەیە سەرنەدەکەوت.

بەر لەچەند ساڵێکیش ئەو کاتەی کە (ئیسحاق رابین)ی سەرۆکی ئیسرائیل تیرۆرکرا، (بات رۆبەرتسۆن) ی بانگەوازکاری ئینجیلی ئەمریکی تەفسیرێکی ئاینی بۆ رووداوەکە کردو وتی: ( تیرۆر کارێکە لە کارەکانی خودا، ئەمەش حوکمی خودایە بەسەریدا جێبەجێکراوە ئەویش لەبەر ئەوەی خیانەتی لەگەڵەکەی کردووە).

نەك هەرئەوەندەش بەڵکو ئەم قەشەیە وەها سەیری رێکەوتنامەی ئۆسلۆ دەکات کە تەنازولکردنە لە زەوی پیرۆزی خودا چونکە لەو رێکەوتننامەیەدا هەندێك زەوی گەڕێندرایەوە بۆ فەلەستینیەکان، هەربۆیە وشەکانی خودا بەرامبەر ئەوانەی کە زەوییەکانی خودا دابەش دەکەن بەهێزە.

لەکاتێکدا کە هەوڵەکانی ئاشتەوانی خەریکە گەرموگورییەکی دیکە بە خۆیەوە دەبینێ، دەنگی بانگەوازکارێکی دیکەی ئەنجیلی ئەمریکی بەرزدەبێتەوە کە ئەویش قەشە (کلارس واغنەر) کە دەڵێت: ( دەبێت ئەوانی دی لەسەر نەخشە خوداییەکان تێبگەیەنین، نەوەك نەخشە ئینسانیەکان ئەوانەی کە لەنەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەمریکا یان ئەوروپا یان ئۆسلۆ ..هتد.. دادەڕێژرێن، خودا لەهەموو نەخشەیەکەوە دوورە کە شاری قودس بە تایبەتیش ناوچەی (جبل هیکل) و (جبل الزیتون) بخاتە ناو ئەو ململانێییەوە، ئەمەش زۆر لەوە دوورە کە بدرێتە جیهانی ئیسلامی، چونکە مەسیح ناگەڕێتەوە بۆ شارێکی ئیسلامی ناوی قودس بێت، بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ شارێکی یەهودی کە ناوی جیروزالیمە!).

چەند ساڵێك پێشتریش قەشە(بات روبرتسۆن) لە بەرنامەیەکی تەلفزیۆنیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لەوە ئاگادارکردەوە کە دەستکاری پێشبینیە ئاینیەکان نەکات و شاری قودس لە جولەکەکان نەسێنێتەوە بیدات بە یاسر عەرەفات، وتیشی :

ئەگەر ئەمریکا قودسی رۆژهەڵات بکاتە پایتەختی دەوڵەتی فەلەستینی، ئەوا مانای وەهایە کە ئێمە وەدوای تورەیی خودا دەکەوین.

لە ئیسرائیلیش حاخامی گەورە (یوسف) بەمجۆرە وەسفی شکستی هێزەکانی ئیسرائیل دەکات لە لوبناندا و دەڵێت: تورەیی خودا بەسەر ئەو سەرباز کوژراو و بریندارە ئیسرائیلیانەدا باری کە ئەرکە ئاینیەکانی خۆیان بە چاکی بە جێنەهێنا و پەیوەست نەبون بە رەوشتەکانی ئاینی جولەکەوە).

ئەم قسانە بە ئاسانی تێنەپەڕی و هێرشێکی توند کرایە سەر ئەو حاخامە کە وەهایکرد دواتر پاشەکشە بکات لە وتەکانی.

لەرووە ئیسلامییەکەشەوە، وەزیری پێشوی راگەیاندنی ئێرانی (عگاالله مهاجرانی) لە وتارێکی رۆژنامەوانیدا دەنوسێت: ( کاتێك کە سەرۆك ئەحمەدی نەژاد لە نیویۆرك هاتەوە پاش ئەوەی لەنەتەوە یەکگرتوەکان وتارێکی دا، چاویکەوت بە (جەوادی ئەمولی) گەورە پیاوی ئاینی و پێیوت (یەکێك لە ئامادەبونی وتارەکەم لە نیویۆرك پێیوتم کاتێك تۆ وتارەکەت دەخوێندەوە هەر لەسەرەتاوە کە وتت بەناوی خودای گەورە هەتاوەکو کۆتایی وتارەکەت تیشکێك بە چواردەورتەوە بوو).

سەرۆك وتیشی: خۆشم هەستم بەو تیشکە کرد، هیچ موبالەغەیەکیش ناکەم.

سەرەرای جیاوازیشیان ئۆسوڵییەکانی ناو( ئیسلام، مەسیحی، جولەکە، هیندۆسی، بوزی) هەر بەتەنها بەوەوە ناوەستن کە پێویستە پەیوەستبن بە تەعالیمە ئیلاهیەکانەوە ئەوانەی کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا هاتون، بەڵکو وەهاش سەیری خۆیان دەکەن کە دەبێت ئەو تەعالیمانە و ئیرادەی ئیلاهی

بسەپێنن.
بۆ ئەوەی ئەو ئیرادەیەش وەدیبێت ئەو حەقە بە خۆیان دەدەن کە بزانن خودا چیدەوێت، هەربۆیە دواتر حەقی تەفسیریکردنی دەقە پیرۆزەکانیش تەنها بە خۆیان دەدەن و ئەوانی دیکە کە وەکو ئەوان بیرناکەنەوە دەسڕنەوە.
لێرەوەیە تێدەگەین کە ئوسوڵیەتی ئاینی هەر بە تەنها تایبەت نیە بە ئاینێکەوە، تایبەت نیە بە گەلێکەوە.
ئوسوڵیە ئاینیەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەوپەڕی بەهێزیدایە، تەنانەت ئەم رەوتە رولێکی گەورە دەگێڕێت لە دروستکردنی بریاری سیاسی  ئەمریکیدا.
لە هیندیش ئەم ئوسوڵیەتە لە رێگای حیزبی هیندۆسی یەوە کە چەندین ساڵ دەسەلاتی بە دەستەوە بوو خۆی بەیان دەکات، هەر ئەم حیزبەش مزگەوتی مێژووی (بابری) بە بیانوی ئەوەی کە (فنشۆ)ی خودای تیادایە،روخاند.
لە تایلەندیش ئوسوڵیەت لە رێگای دەزگای ئاینی بوزییەوە خۆی بەیاندەکات و داوادەکات کە تەنها ئاینی بوزییەت وەك تاکە ئاینی دەوڵەت بناسرێت.
رەوتە ئوسوڵیەکانی جیهانی ئیسلامیش ناسراون بە تایبەتی لە پاکستان و ئەندەنوسیا.تەنانەت حیزبێکی وەك (حیزبی رزگاری ئیسلامی) لە بەریتانیا رایگەیاند کە کار بۆ گەڕانەوەی سیستەمی خەلافەت دەکات.
هەرچەندە تا ئێستا ئەوروپا دوورە لە شەپۆلی ئوسوڵیەتی ئاینیەوە، و ئێستاش پەیوەستە بە عەلمانیەتەوە و باجی ململانێ ئوسوڵیەکانی (کاسۆلیك و پرۆتستانت)ی داوە کەچی هۆکاری ئاینی خەریکە بە دیاردەکەوێت لە بڕیارە سیاسیەکانیدا.
بە گومانی بونی پەیوەندی لە نێوان ئاینی(ئیسلام) و (تیرۆر) وڵاتە ئەوروپیەکان و پێشتریش ئەمریکا چەندین یاسای توندیان دارێژا کە ئازادییە تاکە کەسی و گشتیەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە ئەمانەش وەك هەڵهاتنێك سەیردەکرێت لە بنەما لیبرالێیەکان.
ئەگەر بارودۆخ بەمشێوەیە بڕوات ئەوا لە وڵاتەکانی وەك ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیسپانیا و ئیتالیا وپورتوگال  وسوید ودانیمارك و نەرویژ چەندین رەوتی ئاینی ئوسوڵی سەرهەڵدەدەن.
لێرەشەوەیە کە دژیەکییەکی مەترسیدار لە نێوان جیهانگیری لەلایەك وەك هۆکارێك بۆ کرانەوە و تێکەڵاوبونی نێوان کۆمەڵگاکان و وڵاتەکان چ لەرووی ئابوری و روشنبیرییەوە، وتوندڕەوی ئاینیش لەلایەکی دیکەوە وەك رەتکردنەوەی ئەوی دی و داخرانە بەسەر خۆیدا و قۆرخکردنی ئیمان و پاکێتییە.
گومانیشی تیادانیە تەوزیفکردنی سیاسیانەی ئاینیش دەبێتە هۆی قوڵکردنەوەی زیاتری ئەم دژەیەکییە و بڵاوبونەوەی خێراتری.

سەرچاوە/
سایتی رۆژنامەی (ئیتیحاد)ی ئیماراتی